حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب

بەشی کوردی

# ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی شاخ لە گۆڤاری سەفین

ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ، لەلایەن توێژەر  پێشکەشی سەرۆکایەتی بەشی کوردی کراوە.

ئامادەکردنی:

محمد سلیم فتاح

بەسەرپەرشتی:

پ. د. هەڵمەت بایز

2724 ی کوردی

2024  زاینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب

بەشی کوردی

# ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی شاخ لە گۆڤاری سەفین

ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لەلایەن توێژەر پێشکەشی سەرۆکایەتی بەشی کوردی کراوە.

**ئامادەکردنی:**

**محمد سلیم فتاح**

**بەسەرپەرشتی:**

**پ. د. هەڵمەت بایز**

2024 زاینی

2724 ی کوردی

## پوختەی توێژینەوە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی شاخ لە گۆڤاری سەفین)، توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە سەر دیارکردنی تایبەتمەدنیەکانی ئەدەبیاتی شاخ لە دەقە شیعریەکانی گۆڤاری سەفین، بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفی شیکاری، قەبارەی توێژینەوەیە، بریتییە لەو ژمارانەی کە شیعریان تێدا بڵاوکراوەتەوە کە شاژدە ژمارە، هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی  تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ لە دەقە شیعریەکانی گۆڤاری سەفین، کە چەند تایبەتمەندی ئەدەبی شاخ لە دەقە شیعرییەکانی گۆڤارەکە ڕەنگیان داوەتەوە،  ئەنجامی بەدەست هاتوو، بریتییە لەوەی کە ئەو دەقە شیعریانەی کە لە ژمارەکانی گۆڤاری سەفین بڵاوکراونەتەوە، هەشت تایبەتمەدنی ئەدەبی شاخیان لە خۆ گرتووە، تایبەتمەندیەکانیش بریتین لە(نیشانە، هێما، ئایدۆلۆژیا و حیزب، ئەدەبی بەرگری، دایک و نیشتیمان، داگیرکردن و وێرانکردن، پێشمەرگە و شەهید، هەرەس و شۆرشی نوێ)، هەروەها لە دەقە ئەدەبییەکانی گۆڤارەکە، زیاتر نیشانەی ئاشکرا بە دیاردەکەون، چونکە نوسەر و ئەدیبان بە شێوەیەکی ئازادانە بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان نوسیووە، هیچ ترسێکیان لەسەر نەبووە.



**وشە کلیلییەکان:** ئەدەبی شاخ، ئەدەبی بەرگری، هێما، ڕەمز، دایک و نیشتیمان.

**یاداشت و ڕاسپاردەی سەرپەرشتیار**

پشتگیری سەرپەرشت:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی شاخ لە گۆڤاری سەفین) لە ژێر سەرپەرشتی من لە بەشی کوردی ئامادەکراوە، کە بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی بەکالۆریۆس، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەم توێژینەوەیە پێشکەش به لێژنەی هەلسەنگاندن بکرێت.

ناوی سەرپەرشتیار:پ.د. هەڵمەت بایز

واژوو:

ڕێکەوت:

بڕیاری لێژنەی هەلسەنگاندن

| | |
|---|---|
| واژوو | واژوو |
| ناو: | ناو: |
| ڕێکەوت: | ڕێکەوت: |

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە، کە دەرفەتی پێدام بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاسی بۆ خێزانەکەم، کە لە وێستگە جیاوازەکانی ژیاندا یارمەتیدەرم بوونە.
- سوپاسی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بەڕێز (پ. د. هەڵمەت بایز) بە سەرەنج و تێبینیەکانی هاوکاری زۆری کردم لەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ (د. هەژار ڕەحیمی، د. نەوزاد علی ئەحمەد، د. کەیفی عەزیز) کە یارمەتی دەرم بوون لە دەستخستنی سەرچاوەکان.

**پێشکەشە بە:**

تەواوی خانەوادە و هاورێ و کە س و کارەکەم.

مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوە بەڕێز (پ. د. هەڵمەت بایز)

تەواوی مامۆستایەکانمان لە زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب، بەشی کوردی.

بە دۆستان و بردەران بەتایبەتی ئەوانەی زانکۆ.

# پێرست


پوختەی توێژینەوە: ............ i
یاداشت و ڕاسپاردەی سەرپەرشتیار ............ ii
سوپاس و پێزانین ............ iii
پێشکەشە بە: ............ iv
بەشی یەکەم: بەرایی توێژینەوە ............ 3
١.١. پێشەکی ............ 3
٢.١. هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە: ............ 3
٣.١. پرسیاری توێژینەوە: ............ 3
٤.١. کێشەی توێژینەوە: ............ 3
٥.١. سنوری توێژینەوە: ............ 4
٦.١. میتۆدی توێژینەوە: ............ 4
٧.١. ئامانجی توێژینەوە: ............ 4
٨.١. گرنگی توێژینەوە: ............ 4
١.٩.پەیکەری توێژینەوە: ............ 5
بەشی دووەم ............ 6
١.٢. گۆڤاری سەفین: ............ 6
٢.٢. پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری: ............ 9
٣.٢. گەشەکردنی ئەدەب لە نێو ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردیدا: ............ 10
٤.٢. ئەدەبی بەرگری: ............ 13
٥.٢. ئەدەبی شاخ: ............ 14
٦.٢. تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ ............ 15

٧.٢. هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لە لایەن شاعیران.....16
بەشی سێیەم.....18
١.٣. تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ لە گۆڤاری سەفین:.....18
١.١.٣ هێما:.....18
٢.١.٣. نیشانە:.....20
٣.١.٣. بەرگری:.....22
٤.١.٣. ئایدۆلۆژیا و حیزب:.....25
٥.١.٣.پێشمەرگە و شەهید:.....27
٦.١.٣. دایک و نیشتیمان:.....32
٧.١.٣. هەرس و شۆرشی نوێ:.....36
٨.١.٣. داگیرکەر و وێرانکردن:.....38
بەشی چوارەم.....41
١.٤.ئەنجام.....41
بەشی پێنجەم.....42
١.٥.لیستی سەرچاوەکان:.....42

## بەشی یەکەم: بەرایی توێژینەوە

### ١.١ پێشەکی

ئەدەبی کوردی بە گشتی یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە ئەدەبی شاخ تێدایە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخەی میللەتی کورد لە ڕابردوودا تێدا ژیاوە، بەهۆی بوونی پێشمەرگە لە شاخ، کە بارەگا و ئۆرگانیان هەبووە، بۆیە ئەدەبیاتیان نوسیووە تاکوو پەیامێکی خۆیان لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بگەینن بە تەواوی ناوچەکانی کوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان ڕۆلێکی گرنگیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەتایبەتی بەرهەمەکانی شاخ، بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئەدەبی شاخ لە گۆڤاری سەفین.

### ٢.١ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی توێژینەوە، زیاتر ئاشنابوونە بە بەرهەمە ئەدەبییەکان، کە لە شاخ نووسراون، جیاوازیان چیە لەگەڵ ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە لە شار نووسراون.

### ٣.١ پرسیاری توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە: ١. بۆچی زیاتر نیشانەی ئاشکرا لە دەقە شیعرییەکان، کە لە گۆڤارەکە بڵاوکرانەتەوە بە دیاردەکەون؟ ٢. چەند تایبەتمەندی ئەدەبی شاخ لە دەقە شیعریەکانی گۆڤارەکە بوونیان هەیە؟

### ٤.١ کێشەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا سوپاس بۆ خودای گەورە، ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەک نەبوومەوە.

### ٥.١. سنوری توێژینەوە:

کەرستەی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڤاری سەفین، کە یەکەمین ژمارەی لە ساڵی (١٩٦٩) لە گوندی هیران لە بناری چیایی سەفین لە لایەن لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچوو، تاکوو ساڵی ١٩٨٩ بەدەوام بوو، توێژینەوەیە لەسەر ئەو ژمارانەی گۆڤارەکە کراوە، کە تەنها دەقە شیعرەکانیان تێدا بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەکان بریتین لە (٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١٤، ٣٠، ٣١، ٣٣، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤)، دەقە شیعرەکان پراکتیزە کراون.

### ٦.١. میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە، هەروەها سود لە شێوازی ئاماریش وەرگیراوە .

### ٧.١. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ لە دەقە شیعریەکانی گۆڤاری سەفین، کە چەند تایبەتمەندی ئەدەبی شاخ لە دەقە شیعرییەکانی گۆڤارەکە ڕەنگیان داوەتەوە.

### ٨.١. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی، کە تا چەند ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی پەیوەندیان بەیەکەوە هەبووە، لە ئێستا و ڕابردوودا.

### ١.٩پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، بەشی تیۆری لە سەرەتا ناساندنێک بۆ گۆڤاری سەفین کراوە، کە گۆڤارەکە لە کوێ سەڵداوە ساڵی چەند بووە، پاشان باسی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەگەری و ئەدەب کراوە بە گشتی، دواتر باسی چەند نموونەیەک کراوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان کوردیەکان، کە ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەسەند و بەرەو پێش بردنی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم بەشی پراکتیکی، لەم بەشەدا چەند دەقە شیعر، کە لە ژمارەکانی گۆڤارەکە بڵاوکراونەتەوە، وەرگیراون، هەموو ئەو بنەمایانەی کە تایبەتن بە ئەدەبی شاخ، لەسەر دەقە شیعرییەکانی گۆڤارەکە پراکتیز کراون.

## بەشی دووەم

### ١.٢. گۆڤاری سەفین:

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە بناری چیای سەفین، بە دیاریکراوی لە شارۆچکەی هیران گۆڤاری سەفین، لە لایەن لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچوو، ئەم گۆڤارە لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو کات، هەنگاوێکی گرینگ و دەستپێکێکی بایەخی شۆرش و بەرخوەدان و پەرەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری پێشمەرگە و ڕێکخستن و لایەنگرانی پارتی و جەماوەری بوو، لە سنووری پارێزگای هەولێر، گۆڤاری سەفین، لە نێو رۆژنامەگەری کوردیدا تایبەت لە بزاڤی سیاسی ڕۆلێکی باڵای هەبووە، هەمیشە سەفین لەگەڵ تێکۆشەران و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و کادیران و پێشمەرگە و جەماوەر تێکەڵ بووە و پایە و پێگەی خۆی هەبووە. ( بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەفین، ل ١٢)

یەکەم ژمارەی گۆڤاری سەفین، لە سەردەمی شۆرشی ئەیلوول لە مانگی(١١)ی ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی هیرانی ناوچەی خۆشناوەتی لە بناری چیای سەفین دەرچووە، گۆڤاری سەفین بە چەند قۆناغێک دەرچووە، لە هەر قۆناغێک و سەردەمێک لەگەڵ پەیامی شۆرش لە دەرچووندا بەردەوام بوو تاکو ڕاپەرینی ١٩٩١، قۆناغی یەکەمی گۆڤاری سەفین مانگانە دەردەچوو، بەردەوامی هەبوو تاکوو مانگی (٤) ساڵی (١٩٧٠) نزیکەی (٣٠) ژمارەی لێدەرچوو، لە مانگی (٥) ساڵی (١٩٧٠) بە دواوە هەموو گۆڤارەکانی لقەکان هاتنە ڕاگرتن، لە لایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، بەهۆی ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠)، گۆڤاری سەفین لە چەند قۆناغێکی تریش هاتەوە مەیدان بە هەموو قۆناغەکانی نزیکەی (٦٠) ژمارەی لێدەرچووە، قۆناغی دووەم سەفین (١٩٨٠) تاکو (١٩٨٦)، قۆناغی سێیەم (١٩٨٦) یەک ساڵ بەردوام بوو تاکوو ساڵی (١٩٨٧)، قۆناغی چوارەم

له ساڵی (١٩٨٨) تاکو ساڵی (١٩٩١) بەردەوام بوو، کە لەم قۆناغەدا (١٨) ژمارە دەرچوون لە گۆڤاری سەفین. ( بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەفین، ل ١٥)

لە ژمارەکانی گۆڤاری سەفین چەندین بەرهەمی ئەدەبی دەبینرێن، کە بڵاوبوونەتەوە لە هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکە چەند بەرهەمی ئەدەبی جۆراوجۆر هەن، کە هەر بەرهەمێک پەیامێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە هەر ژمارەیەک بەرهەمی نوسەرێکی دیاری کراو بڵاوکراونەتەوە، ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لە ژمارەکانی گۆڤارەکە دەبینرێن، بریتین لە داستان، چیرۆک، کورتە چیرۆک، شیعر، کە ژانری زاڵ لە زۆر ژمارەی گۆڤارەکە هەیە بریتین: لە شیعر، زۆر بەی شیعرەکان هی نوسەر (محەمەد مەلا قادر)، کە لە شیعرەکانی بە نازناوی لاجانی ناوی نوسراوە، زۆربەی شیعرەکان شیعری  نیشتیمان پەروەرین، بە هۆی ژیانی و بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان، ئەنفاڵ کردنی میللەتی کورد و دەربەدەربوون و زیندەبەچاڵ کردنی لە لایەن رژێمی بەعس، شاعیران و نوسەر لە رێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە پەیام و هەست و سۆزی خۆیان گەیاندووە. (بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەفین، ل ٢٠)

ئەگەر سەیری ژمارەکانی گۆڤاری سەفین بکەین، دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمی ئەدەبی لە خۆ دەگرن، لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئەو ژانرەی کە زاڵە لە ژمارەکانی گۆڤارەکە زۆر دەبینرێت بریتیە لە شیعر، لە بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەفین کە ٢٨ ژمارە لە خۆدەگرێت، ژمارەکان بریتین لە ژمارە (٣، ٤، ٥، ٦ ،٧، ٨، ٩، ١٠، ١٤، ٣٠، ٣١، ٣٣، ٣٦، ٣٧، ٣٩، ٤٠ ،٤١ ، ٤٢، ٤٣، ٤٤)، لە زۆربەری ژمارەکانی گۆڤارەکە شیعر دەبینرێت، بەگشتی ژمارەی ژانری شیعر لە ژمارەکانی بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەفین دەبینرێن، بریتین: لە ٢٠ شیعر کە لە زۆربەری ژمارەکانی گۆڤارەکە بەدیدەکرێن .

له ژمارەکانی گۆڤارەکەدا بەرهەمی چەند نوسەر و ئەدیبێکی جیاواز دەبینرێت، بۆ نموونە، له ژماره (٣)، لاپەرا (٥)، ساڵی (١٩٦٨) شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی باوکی کاوەیە، له ژمارەکانی (٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ١٠)، کە هەموو ژمارەکان له ساڵی (١٩٦٨) دەرچوونە، کە شیعرەکانی (محەمەد مەلا قادر) له خۆ دەگرن، کە له ژێر نازناوی (لاجانی) له شیعرەکانی ئاماژەی به ناوی خۆی کردووە، له ژماره (٩)، لاپەرا (٨)، ساڵی (١٩٦٨)، شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی پۆلایە، له ژماره(١٤)،لاپەرا (٣)، ساڵی (١٩٦٩)، شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی نەبییە، له ژماره (٣٠)، لاپەرا (٦)، ساڵی (١٩٨٠) شیعرێک هەیە، نوسەرەکەی (هیوا دەشتی)یە، له ژماره(٣١)، لاپەرا (٥)، ساڵی (١٩٨٠)، شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی (خاڵە بەربەیار)ە، له ژماره (٣٣)، لاپەرا (٨)، ساڵی (١٩٨٦)، شیعرێکی (هێمن) هەیە، له ژماره(٣٩)، لاپەر (٢٢)، ساڵی (١٩٨٦) شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی (فتاح عبدالله)، له ژماره(٤٠)، لاپەرا (٤)، ساڵی (١٩٨٦) شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی (هەژار)، له ژماره (٤١-٤٢)، ساڵی (١٩٨٦)، شیعرێک هەیە، کە نوسەرەکەی (بڵند)، هەروەها له ژماره (٤٣،٤٤)، ساڵی (١٩٨٧) شیعرێکی (پەشێو) هەیە. (بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەڤین، ل ١٨).

## ٢.٢. پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری:

ئەدەب وەک چالاکییەکی خودی وەستابێتە سەر سۆز و خەیاڵ و چنینی زمان، ڕۆژنامەش بوەستێتە سەر هەواڵ و نوسینەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی هونەری، کەواتە ئەم دوو زاراوەیە چۆن بە یەکتر گرێدەدرین خاسیەتەکانیان لە یەکتر نزیک دەخەینەوە، یاخود تێکەڵاو بەیەکتریان دەکەین؟ "تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە رۆژنامەگەریی لە جیهاندا، لقێک بووە لە لقەکانی ئەدەب، ئەدیب و نوسەران بەرێوەیان بردووە، لە خاڵە دیارەکان بۆ جیاکردنەوەی ئەدەب لە رۆژنامەدا زمان و شێوازە، بێجگە لە تەکنیک، زمانی ئەدەب گەمەکردن بووە بە وشە و رستە و دەستەواژە، بە تایبەتیش بۆ دورستکردنی وێنە و بوارەکانی جوانکاری، ئەدیبان پێشڕەوبوونە لە بواری رۆژنامەگەرییدا، ڕۆژنامە سەرەتا لە دەستی ئەدیباندا بووە، هەر بۆیە شێوازی نووسین لە ڕۆژنامەدا لە پەخشان نزیک بووە، بابەتەکان ئیشی ڕەوانبێژییان تێداکراوە، پشتیان بە پیشەکارییەکانی التکلیف و بەیان و بەدیع بەستووە، ئەمەش خاسیەتێکی ئەوسای رۆژنامەگەریی بووە، پەیوەندی هونەرەکانی ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕۆژی پەیدابوونی ڕۆژنامەگەری کوردی شوێنی دیاری بۆ ئەدەبی کوردی تەرخانکردووە". ( ئەمین، ٢٠١٣، ل ٥٢)، لە لایەن زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان گرنگییەکی زۆر بە بەرهەمە ئەدەبییەکان دراوە، لە زۆربەری ژمارەکانیان بەرهەمی ئەدەبی بەرچاودەکەون.

## ٣.٢. گەشەکردنی ئەدەب لە نێو ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردیدا :

لێرە چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو، نەک هەمووی.

سەیری پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی بکەن، دەبینین کە پەیوەندی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، زۆر جار دەبینین کە ئەدیب و نوسەر و شاعیران بوونەتە سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤارە و بڵاوکراوەکان، لە زۆربەری ژمارەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەرهەمەکانیان بڵاوکراونەتەوە، هەروەها بە هۆی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەند شاعیر و نوسەر و ئەدیب دەرکەوتوون، بەرهەمەکانیان بڵاوبوونەتەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ و جیهانیش، هەروەها زۆر رۆژنامە و گۆڤارەکان بوونەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پاراستنی بەرهەمە ئەدەبییەکان. لێرەدا باس لە چەند نموونەیەک دەکەین، "ڕۆژنامەی کوردستان، کە یەکەم رۆژنامەی کوردیە، لە ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە دەرچوو، لە ژمارە دوویەوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیٚ، جگە لە بەیتی (مەم و زین) پارچە شیعری تری کوردی لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بەرچاودەکەون، ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە زیندوو ڕاگرتنی مەم و زین و بڵاوکردنەوەی چەندان پارچە شیعردا. (احمد، ٢٠٢٣، ل ٢٧).

ئەم ڕەوتە بەردەوام بوو وردە وردە کاری دیکەی بە دوادا دێت، "گۆڤاری ڕۆژی کورد یەکەمین گۆڤاری کوردییە، لە ساڵی (١٩١٣) لە ئەستەمبۆل دەرچوو، گۆڤارەکە گرنگی زۆری بە ئەدەبداوە، بە بابەتەکانی چیرۆکی کوردی و شیعرەکانی نالی و حاجی قادری کۆیی و مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی، لە ژمارە دووی گۆڤارەکە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بڵاوکراوەتەوە، یەکێک لە چیرۆکان کە لە گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، لە لایەن ( فواد تەمۆ) بە ناوی (شویش) لە ساڵی ١٩١٣". (بەکر، ٢٠٠٧، ل ٧١).

ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، کە یەکەم ژمارەی ساڵی (١٩١٨) دەرچوو، زۆر گرنگی بە مێژووی کورد، زمانی کوردی، ئەدەبی کوردی داوە، گرنگییەکی زۆری بە ڕەخنە داوە، هەروەها چەند لاپەڕەیەکی تەرخانکردووە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی و شاعیرانی کورد، کە زۆر جار نالی بە موتەنەبی چواندەوە، زۆر باسی دەربارەی سالم و شێخ ڕەزا و حاجی قادری کۆیی تێدایە، هەروها باسی زمان و دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی کردووە. (ئەمین، ٢٠١٣، ل ١٧).

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم "گۆڤاری ژین لە ساڵی (١٩١٨-١٩١٩)، یەکەم ژمارەی لە ئەستەمبۆڵ دەرچوو، گۆڤارەکە  گرنگی زۆر بە شانۆنامە و شیعری منداڵان داوە، هەروەها لە ساڵی ١٩١٩ لەسەر لاپەرەی گۆڤاری ژین، عەبدەلڕەحیم ڕەحمی هەکاری ٢١ شیعری بڵاوکردۆتەوە، دوای ئەویش مستەفا شەوقی ١٢ شیعری بڵاکردۆتەوە، چالاکترین گۆڤار لە ماوەی نێوان سالآنی (١٨٩٨- ١٩٢٠) لە ڕووی زۆری بڵاوکردنەوەی شیعری نوێ گۆڤاری (ژین)ە، کە لە ماوەی دوو ساڵدا (١٩١٨-١٩١٩) زیاتر ٤١ شیعری نوێ بڵاوکردۆتەو". (پیربال، ٢٠٠٥، ل٤٧). هەروەها "ڕۆژنامەی پێشکەوتن، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە باشووری کوردستان، لە ساڵی (١٩٢٠) لە سلێمانی دەرچوو، چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) کە لە لایەن (ڕەوف حەسەن) نوسراوە، بە یەکەمین چیرۆکی کوردی بڵاوکراوە لە کوردستانی باشوور دادەنرێت، هەروەها (شێخ نوری شێخ سالح)، یەکەم شیعری خۆی لە ساڵی (١٩٢٠) لەم ڕۆژنامەیە بڵاوکردەووە. (حمدامین، ٢٠٠٧، ل٧٢)

گرنگی دان بە ئەدەب لە لایەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بەردەوام بوو، "گۆڤاری زاری کرمانجی، لە ساڵی (١٩٢٦) لە ڕەواندز یەکەم ژمارەی دەرچوو، گرنگی زۆری بە پەخشانە شیعر (شیعری مەنسوور) داوە، هەروەها گرنگی بە شیعر داوە، بۆ نموونە مامەند کەرکوکی چەندین پارچە شیعری خۆی لەم گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە، کە هیچ دیوانێکی نەبووە، لێرەدا گۆڤارەکە ڕۆلی دیوانی گێراوە، لە گۆڤارەکە دا زیاتر ٧٨ شیعری بڵاوکردۆتەوە". (پیربال، ٢٠٠٥، ل٤١)، هەروەها "ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦) لە سەردەمی کۆماری کوردستان، لە شاری مهاباد

دەرچوو، گرنگی زۆری بە ئەدەب داوە، بە تایبەت شیعر و پەخشانەکانی ژمارەیەک لە هۆزانڤان و نووسەرە داهێنەرەکانی ئەو سەردەمە، وەکو (هێمن، هەژار، قانیع، کامەران)، هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە ئەدەبی منداڵان دەدا، بە ناوی گروگاڵی منداڵان کە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە". (احمد، ۲۰۲۳، ل٤٤)

لە سییەکانی سەدەی ڕابردووە، "گۆڤاری هاوار، لە ساڵی (۱۹۳۲) لە شام دەرچووە، لە گۆڤاری هاواردا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا زمانی کوردی بە پیتی لاتین نووسراوە، گۆڤاری هاوار لە ٥٧ ژمارەی خۆیدا، (۱۸۷) شیعری جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە، زیاتر لە ٥٠ شاعیری ئەو سەردەمە بەرهەمەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، هەروەها چەند هەوڵدان هەن لەم گۆڤارەدا بۆ نووسینی شیعری ئازاد و بەکارهێنانی کێشی ئازاد". (پیربال، ۲۰۰٥، ل ٤٨). هەروەها "گۆڤاری گەلاوێژ، لە ساڵی (۱۹۳۹) یەکەم ژمارەی دەرچووە، گۆڤاری گەلاوێژ کۆرێکی ئەدەبی بوو، کە چەندین نوسەر و ئەدیب و شاعیر لە هەموو ناوچە و پارچەکانی کوردستان کۆکردەووە، وەکو (سەجادی، شێخ نوری، گۆران، ڕەشید نەجیب)، لە لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ چەند شاعیرێک گەنج و نوێخواز بۆ یەکەم جار دەردەکەون بەرهەمەکانیان لە گۆڤارەکە بڵاودەکەنەوە، پەرە بە بەرهەمەکانیان دەدەن، گۆڤاری گەلاوێژ لە ماوە دە ساڵدا زیاتر لە (۳۳) شیعری هاوچەرخی بێگانە بە کورد دەناسێنێ". (پیربال، ۲۰۰٥، ل ٥٠)

گۆڤاری سەفین، یەکێکی ترە لەو گۆڤارانەی کە گرنگییەکی زۆری بە ئەدەب داوە، لە ژمارەکانی گۆڤارەکە چەندین بەرهەمی ئەدەبی جۆراوجۆر دەبینرێن، کە لە لایەن چەندین نووسەری جیاواز نووسراون، کە لە چەند سالی جیاواز نوسراون، هەر بەرهەمێک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو نوسراوە، هەندێک لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا بوونیان هەیە، هی هەندێک لە نوسەرەکانن، کە لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بەرهەمەکانیان بوونیان نیە، تەنها لە گۆڤاری سەفین هەن، یاخود ئەو نووسەر و ئەدیبانە هیچ دیوانیان نیە، لێرەدا گۆڤارەکە ڕۆڵی

دیوانی گێراوە لە پاڕاستن و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان، هەروەها گۆڤارەکە بۆتە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنی هەندێک لە نووسەر و ئەدیبان، هەروەها ئەو نووسەر و ئەدیبانە بوونەتە سەرنووسەری ژمارەکانی گۆڤارەکە، لە ژمارەکانی گۆڤارەکە زیاتر لە ٢٠ شیعر جۆراوجۆر بڵاوکراونەتەوە.

## ٤.٢. ئەدەبی بەرگری:

شاعیران ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵن، پێش ڕەون لە ژیاندا، دەبێت گیانی خۆیان تێکەڵ بە گیانی نەتەوەکەیان بکەن لە خۆشی و ناخۆشیدا، کاتێکیش دەوری مرۆڤ گەیشتە خۆ بەخت کردن، ئەوا ئەدەب ناتوانێ دەستەوەستان خۆی ڕابگرێت و دەست بە تۆمارکردنی کاری دلێری و نەبەزین و بەرگەگرتن و بەرگری خاک و گەردی پیرۆزی نیشتیمانی دێرینی مرۆڤ نەکات، ئەدەبی بەرگری: "لە سینگی شاعیرانەوە دەرچووە، بۆ نارازی بوون لەسەر ئەو ڕوداو و کارەساتە مێژووییانەی کە توشی گەلانی جیهان بوون، لە ئەنجامی دڕندەی فاشیزمەکان". (ئامێدی، ١٩٩٩، ل ٦).

ئەدەب پەیوەندییەکی بەهێزی بەو بارودۆخەوە هەیە، کە تێیدا پەیدا دەبێ، واتە ئەدەب لە ئەنجامی ئەو ڕوودا و بارودۆخانەی کۆمەلگا پەیدا دەبێت لە سەردەمێکی دیاری کراو، لەگەڵ گۆڕانی باروودۆخ و سەردەمەکان بەرهەمە ئەدەبییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە سالانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەدەبیی کوردیدا، شیعر باو بوو ئەمەش بۆ باروودۆخ و ڕووداوەکانی  سەردەمەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە سەردەمی ئێستا دا ژانری ڕۆمان باوە، کە ژانرە ئەدەبییەکان لەگەڵ گۆڕانی کات و ڕووداو و سەردەمەکان گۆرانیان بەسەردا دێت، "شیعر و ڕووداوەکان لە سەردەمی بەرگریدا هاوشانن، هەروەک دووڕووی تاکە ڕاستییەکن، بەم پێیە شیعر دەبێتە داواکردن لە خەباتکەران بۆ خەبات کردن، دەبێتە دەنگی ویژدانی گەڵ، کە وەڵامی کارەسات و هەوڵ و خەباتیان دەداتەوە" (حەوێز، ٢٠١٠، ل١٠)، هەر بۆیە خەڵک زۆر تر

شیعر تێدەگەن لە بابەتەکانی تری ئەدەبی، چونکە دەتوانێت کار لە دەروونی جەماوەر بکات بە هۆیی بەهێزی وشەکانی.

### ٥.٢. ئەدەبی شاخ:

ئەدەبی شاخ: "بریتییە لە هەر بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی کە بە ئاشکرا لە شاخ دەربچێت، لە شار بە نهێنی دەخوێندرێتەوە، هەر بابەتێکیش کە لە شار بە نهێنی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لە شاخ بە ئاشکرا دەنووسرێتەوە". (نەوزاد، ٢٠٢٣، ل٥٦). ئەدەبی شاخ: "ئەو ئەدەبەیە، کە لە دەرەوەیی سیستەمی بیرکردنەوەی دەسەڵاتی زاڵ نوسراوە، بەو مانایەیی ئەم ئەدەبە گوزارشتە لەو ئایدۆلۆژیایەیی کەوا بەرهەڵستی دەسەڵاتی زاڵە، بە پێنوسی ئەو کەسانە نوسراوە، کەوا لە دەرەوەی سیستەمی زاڵ و فەرمان ڕەوایەتی ناوچەکەن، لێرەوە گوزارشتکردنە لە ئازادی و بیرکردنەوەی جیاواز و مافە سەرەتایەکانی مرۆڤ دەچەسپێنێت". (بەکر، ٢٠١٨، ل ٨٨).

نوسەر و ئەدەبییەکان چوار جۆرن، کە بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە.

١.٥.٢. **نوسەر و ئەدیبانی پێشمەرگە:** واتە ئەوانەی کە لە ناو شۆرش ژیاون، ئەمانە زۆربەن، زۆرترین بەرهەم هی ئەو قەڵەمانەیە. بۆ نموونە (محەمەد مەلا قادر)، نوسەری گۆڤاری سەفین

٢.٥.٢. **نوسەر و ئەدیبانی ناوشارەکان:** ئەمانەش بە گوێرەی دەرفەت بەرهەمیان بۆ بڵاوکراوەکانی ناو شۆرش ناردووە .

٣.٥.٢. **نووسەر و ئەدیبانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:** بە حوکمی هاوسنووری شۆرشی باشووری کوردستان، لەگەڵ ئەم پارچەیەدا زۆر جار جۆرێک لە هاتووچۆ و تێکەڵی پەیدا هەبووە، لە کاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو بڵاوکراوە و گۆڤارانەدا ناوی چەند نووسەر و ئەدیبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنە بەرچاو.

٤.٥.٢. **ئەدیبانی دەرەوەی نیشتیمان:** لە دوای ساڵی ١٩٨٥ چەند ئەدیب و نووسەرێک چوونەتە دەرەوەی نیشتیمان، بەرهەمەکانیان بۆ ئەو چاپەمەنییەکانی ناو شۆڕش ناردووە، بەڵام بە ژمارە زۆر نین .

بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە سیاسییەکانیش گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی ئەدەب داوە، "زۆربەی بڵاوکراوەکان لە دوو توێی ژمارەکانیان شیعرێک یاخود وتارێکی ئەدەبییان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام کەم گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داوە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە ئەو هونەرانە لە شوێنیان لە ئۆرگان و بڵاوکراوە و گۆڤارە سیاسییەکان نەبۆتەوە، بەڵام جار هەبووە نموونەی پێچەوانەش دێتە بەرچاو، وەک گۆڤاری "دەنگی پێشمەرگە"، کە لە زۆر بەی ژمارەکانیدا شیعر و چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها گۆڤار و بڵاوکراوەی ڕێکخراوە پیشەییەکان گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی ئەدەب داوە و شیعر پشکی شێری بەرکەوتووە". (عەلی، ٢٠٢٣، ل ٧٢)

## ٦.٢. تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ

### ١.٦.٢. هێما و نیشانە:

نیشانە بابەتێکی ڕاستەوخۆی دیاری کراوە، لە ژیانی کۆمەلایەتیدا زۆر جار بەکاردێت، بەڵام ڕەمز ناڕاستەوخۆیە و داهێنا و تایبەتمەندێتی مرۆڤە سنووری زۆر مانا دەبرێ و پەیوەندی بە جوانی ناسییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ئەم دوو بابەتە (واتە ڕەمز و نیشانە) تێکەڵ دەکرێن و لە شوێنی یەکتر بەکاردێن.

نیشانە و هێما لەو زاراوانەن کە هەر زمانەو بە جۆرێکی جیاواز بەکاریان دێنێ، نیشانەی ئاسایی واتایەکی فراوانتری هەیە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لەبری شتی تردا دادەنرێن و

سەرنج بۆ شتێک ڕادەکێشن کە خۆیان نین، "لەبەر ئەمە وشە بە نیشانە دەژمێردرێت و زمانیش بە پەیڕەوێکی نیشانەیی دادەنرێت، ئەگەر نیشانە بەم واتا فراوانە بەکارهات، ئەوە دەبێت بە چەند جۆرێکەوە، وەک: هێما ئیشارەت،...هتد)". (حەمەد، ٢٠١٢، ل ٧). نیشانە دەبێتە کۆلەگەیەک یاخود بنچینەیەک یارمەتی دورست بوونی ڕەمز دەدات، لە کاتێکدا نیشانەکان مانایەکی پتە و سادە و ڕوون هەڵدەگرن، 'ڕەمزەکان سەرباری ئەم مانایە وەک بەشێک لە خود، مانای تریشیان پێ دەبەخشرێت، واتە ڕەمز لە نیشانە پەیدا دەبێت و مەبەستی سەرەکیشی گەیاندی مانایە، هەموو ڕەمزێک (نیشانەیە)، بەڵام هەموو نیشانەیەک ڕەمز نیە". (چیا، ٢٠٠٠، ل٥٨).

جۆرەکانی هێما لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە، خاسیەتەکانی ناسینەوەشی لە چەند خاڵیک کۆکراونەتەوە بریتین لە: (احمد،٢٠٢٣، ل ٥٧).

١. هەموو ڕەمزێک لە بری شتێکی ترە.

٢. هەموو ڕەمزێک ئیشارەتی دووانەیی هەیە.

٣. هەموو ڕەمزێک ڕەگەزی واقیع و خەیالی تێدایە.

٤. هەموو ڕەمزێک خاوەن هێزێکە، یان خاوەن ئەرکێکی دوانەیە.

## ٧.٢. هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لە لایەن شاعیران:

**بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە:** (حەمەد، ٢٠١٢، ل٦)

١.٧.٢.هۆکارە ڕامیارییەکان، ترسی شاعیر لە دەسەڵات، دەبێتە هۆی هانا بردن بۆ ڕەمز لە دەربڕیندا بە مەبەستی خۆپاراستن لە ئەشکەنجە و ئازار.

٢.٧.٢. هەندێک نەخۆشی دەروونی کە شێواوییەک لە سروشتی شاعیردا دورست دەکەن، دەبنە مایەی پابەندییان بە وەهم و ئەندێشەوە.

٣.٧.٢. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، هەمان ڕۆڵی ئەوە دەبینن شاعیران لە دەربڕینی ئاشکرا و ڕوون دووربخەنەوە.

٤.٧.٢. گوزارشت کردن لە هەندێک حاڵەتی پابەند بە ناوەوەی خود و نەست و ئارەزووی نامۆبوون و گوزارشت کردن لە بابەتە شاراوەکانی نێو دەروون.

٥.٧.٢.هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان، بە کاریگەری شاعیرانی تر بەستراوەتەوە، بە تایبەتیش ڕۆژئاوایی، لە ئاکامی ئارەزووی پێشکەشکردنی شتێکی نوێ، هەندێک جاریش لە پیشاندانی ڕۆشنبیری شاعیر لەبەر دەم وەرگرەکانی دا.

٦.٧.٢. لاسایی کردنەوەیەکی ڕووکەشانە و بەکارهێنانی ناهۆشیارانە، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشان، یان شاعیرەکە نەتوانێ بیرەکەی بە ڕوونی دەربڕێت، بۆیە هانا بۆ لێڵی دەبات لە بواری زۆربەکارهێنانی ڕەمزدا.

٧.٧.٢.بەمەبەستی ڕازیکردنی هەستی هونەری ئیستاتیکی و دەرخستنی توانا و داهێنان و زیرەکی، بۆ ئەمەش سروشتێکی لێڵی بە شیعر دەبەخشن.

## بەشی سێیەم

گۆڤاری سەفین، یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لەسەردەمی شاخ دەرچووە، لە ژمارەکانی گۆڤاری سەفین چەندین دەقە شیعر بەرچاودەکەون، کە هەریەک لە دەقە شیعرەکان چەندین تایبەتمەندی ئەدەبی شاخ لە خۆ دەگرن.

### ١.٣. تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ لە گۆڤاری سەفین:

**١.١.٣ هێما:** زاراوەی ڕەمز  لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی یان سمبوڵ لە ژێر زمانی ئینگلیزی هاتۆتە ناو زمانی کوردی، لە بواری ئەدەب بەکارهاتووە. هێما ناراستەوخۆیە و داهێنا و تایبەتمەندێتی مرۆڤە سنووری زۆر مانا دەبرێ و پەیوەندی بە جوانی ناسییەوە هەیە. (حەمەد، ٢٠١٢، ل٦). لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچادەکەوێت:

**بۆ لانی شێران**

لە ١٤ ی مانگی  نیسانی ئەم ساڵ
هێرشی هێنا میری  بەد فەساڵ
بە تانک و تۆپ و هێزێکی زۆردار
بەشێوەی ناکاو هەروەکو جاندار
بۆ سەر بێستانە بۆ لانی شێران
هەروەکوو یەکی بچێ بۆ سەیران
(لاجانی،  شیعری بۆ لانی شێران، ژمارە ٦، لاپەرا ٤، ساڵی ١٩٦٨).

لانەی شێران هێمایە بۆ کوردستان، کوردستان سمبوڵە بۆ خۆڕاگر و بەگریکردن لە دژی هێزی داگیرکەران، شێر هێمایە (ڕەمز)ە بۆ میللەتی کورد کە بەردەوام میللەتێکی خۆراگر و بەهێز بووە لە بەردەم هێزی داگیرکەراندا.

**بۆ لانەی شێران**

لە ١٤ ی مانگی  نیسانی ئەم سال

هێرشی هێنا میری  بەد فەسال

کەروێشک و ئاسک ناکەن هێلانە

جێگای پلنگ و  شێر و  فیلانە

هەر بەشی رێوی کلکە کوتانە

(لاجانی، شیعری بۆ لانی شێران، ژمارە ٦، لاپەرا ٣، سالّی ١٩٦٨)

پڵنگ و شێر هێما بۆ میللەتی کورد، کە بە درێژایی مێژوو میللەتی کورد میللەتێکی خۆراگر بووە لەبەردەم هێزی داگیرکەراندا، هەروەها ڕیوەی ڕەمزە بۆ دووژمنانی میللەتی کورد کە هێرشیان هێناوەتە سەر کوردستان و میللەتی کورد لە کۆتایەکەی تەنها شکستیان بۆ ماوەتەوە، لێرەدا تایبەتمەندی بەرگری لەم شیعرەدا بەدی دەکرێت، کە وشە و دەستەواژەکان بۆ بەگری کردن لە خاک و نیشتیمان بەکارهاتوون.

---

* لە چەندین نموونە شیعری تردا تایبەتمەندی هێما بوونی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە  قوبارەی توێژینەوەکە فراوان نەبێت، هەموو نموونە شیعرەکان وەرنەگیراون، بۆ نموونەکانی تر  بروانە ئەم ژمارانە، (هەژار، شیعری سەفین، ژمارە ٣٢، لاپەرە٤، سالّی ١٩٨٦)،  (باوکی کاوە شیعری پێشمەرگە  ژمارە ٣،  لاپەرە ٥، سالّی ١٩٦٨)، (بڵند، شیعری من دەرۆم،  ژمارە ٤١، ٤٢، سالّی ١٩٨٦).

**۲.۱.۳. نیشانە:** بابەتێکی ڕاستەوخۆی دیاری کراوە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆر جار بەکاردێت.

لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە  ئەم تایبەتمەندی بەرچاودەکەوێت.

**کوردستانی ڕەنگینی من**

کوردستانی ڕەنگینی م
ئەی هەوارگەی ڕەنگینی من
بە دڵ و گیان دەت پەرستم
ئەتووی هیوا و ئەوینی من
ئەی وڵاتی لەت لەت کراوم
ئەی مەڵبەندی بەش خوراوم
قوربانت دەکەم ژیانی ماوم
من کە ئێستا  ئاوارەمە

(هیوا دەشتی، شیعری کوردستانی ڕەنگینی من، ژمارە ۳۰،  لاپەرا ٦، ساڵی۱۹۸۰)

کوردستان واتە نیشتیمان نیشانەیەکی ئاشکرایە، کە کۆمەڵێک واتای جیاوازی بەرەنگارییە، وەک (هێز، بەردەوامی، لەسەر پێ وەستاو، یەکگرتوویی گەڵ، خەبات) نیشان دەدات.

**بۆ لانەی شێران**

لە ١٤ ی مانگی  نیسانی ئەم سال

هێرشی هێنا میری  بەد فەسال

بە تانک و تۆپ و هێزێکی زۆردار

بەشێوەی ناکاو هەروەکو جاندار

بۆ سەر بێستانە بۆ لانی شێران

هەروەکوو یەکی بچێ بۆ سەیران

بە مێشکی پوچیان بە هۆشی کەمیان

پێشمەرگە راوکەن بیکەن بە گریان

...

واتە پێشمەرگە بە بیر و باور

سەربازی هەژار بە وردە ئاور

(لاجانی، شیعری بۆ لانەی شێران، ژمارە ٦، لاپەرا ٨، ساڵی ١٩٦٨).

پێشمەرگە نیشانەیەکی ئاشکرایە، کە وزە و هێزی گەڵ و ڕاپەرینەکانن، هەڵگری سیفەتی قارەمانێتی و گیانفیدایین، کە نیشانەیە بۆ خەباتگێرانی کورد ئەوانەی بەردەوام ئەم شاخ و ئەو شاخ دەکەن لە پێناوی هیوابەخشین و ڕەواندنەوەی سیمای نائومێدی و دورستکردنی ترس لە دڵی دیکتاتۆردا.

---

* بۆ نموونەکانی تر بڕوانە ئەم ژمارانە (بڵند، لە شیعری من دەرۆم، ژمارە٤١، ٤٢، لاپەرا ٥، ساڵی ١٩٨٦)،  (باوکی کاوە، شیعری پێشمەرگە  ژمارە ٣،  لاپەرە ٥، ساڵی ١٩٦٨)

**٣.١.٣. بەرگری:** ئەم تایبەتمەندیە لە شیعرەکانی گۆڤاری سەرفین زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، "ئەدەبیاتی بەرگری، کە یەکێک لە جۆرەکانی ئەدەبی شاخ، هەڵوێست و دەروەستیی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەنووسێتەوە، وەکوو بەرەنگاربوونەوەیەکی سرووشتی و خۆزاییی مرۆڤ لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا ڕاست دەبێتەوە".(یاسین، ١٩٩٩، ل ٩).

لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچاودەکەوێت.

**سەفین**

زۆر لە مێژە و بەر لە مێژوون سەربڵندی و بوون و ژینم

هەرهەم و هەر چین لە دووی چین مەرگی داگیرکەر دەبینم

دوژمنانی کورد گەلێک هاتوونە سەرم و راونراون

من لە مەیدانی خەباتا هەر چەقیوم من سەفینم

(هەژار، شیعری سەفین، ژمارە ٣٢ لاپەرە ٤، ساڵی ١٩٨٦).

سەفین هێمایە بۆ بەرگری، کە هێمایە بۆ خۆراگری میللەتی کورد لە بەردەم هێزی داگیرکەران وەستاوەتەوە بەکارهاتووە، لێرە شاعیر میللەتی کوردی بە چیای سەفین چواندووە، کە پێی وایە وەکوو چیای سەفین میللەتی کورد خۆراگرە لەبەردەم هێزی داگیرکەران.

**پێشمەرگە**

هەڤالان ئیمرۆ شینە ماتەمە

ئاسوی بیستانە لیلە پرتەمە

...

بەڵام نامرێ تاکو کورد بمێنی

پشکۆی گیانەکەی هەر گڕ ئەسێنی

(باوکی کاوە، شیعری پێشمەرگە، ژمارە ٣، لاپەرە ٥، ساڵی ١٩٦٨).

شاعیر گڕ دەکات بە مەشخەڵی خەباتی بەردەوام، لەم دەقەدا وشەی گڕ بۆتە نیشانە بۆ هێزی ڕووبەروو بوونەوەی جەستەیی و ناخی کەسەکان، کەواتە گڕ هێمای بۆ بەرگریکردن.

**رۆژی نوێ**

نەورۆز رۆژی نوێی کوردان

بەخێربێیتەوە یادی شەهیدان

...

هەی یاد کەورەوەی کردە و مێژوومان

هێناتەوە بیر کاوەی قارەمان

(لاجانی، شیعری رۆژی نوێ، ژمارە ٤، لاپەرا ٢، ساڵی ١٩٦٨).

کاوە هێمایە بۆ بلێسە و مەشخەل لە هەر شوێنێک کاوە و پەیکەرەکەی هەبێت پێویستە مەشخەڵ هەبێت، کاوە هێمایە بۆ بەرگریکردن لە خاک و نیشتیمان.

**من دەڕۆم**

دایە گەردەنم ئازاد کە وامن دەرۆم خوێنی باوک و برای کوژراوم دەستێنم

وا من دەرۆم لە مەچەکم زنجیری دیلی و ژێر دەستی دەپسێنم

وامن دەرۆم وەک پێشمەرگەیەکی مەرد

یا سەربەستی گەلی کوردم بە دەست دێنم

...

ئەی ئەوانەی وێلی چیا و دەشت و هەردن

ئەی ئەوانەی بۆ پەرینەوەی گەلی کورد لەسەر روبار و زێ پردن

ئەی ئەوانەی شەیدای مشتێ خۆلی عەردن

ئەی ئەوانەی کە دلسۆزن خەبات کەرن کە بێ گەردن

(بڵند، شیعری من دەرۆم، ژمارە ٤١، ٤٢، ساڵی ١٩٨٦)

لە دەقە شیعرەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی بەرگریکرد و خۆفیداکردن لە پێنا و نیشان و وەڵات دەکات، لێرە نیشتیمانی بە دایک چواندووە، چەندین وشەی بەشێوەی ڕەمز بەکارهاتوون، کە هەڵگری سیفاتی بەگریکردنن لە نیشتیمان، کە ئەمانە هەندێک لە نموونەکانن، مەرد ڕەمزە بۆ بەرگریکردن لە نیشتیمان، یان چیا هێمایە بۆ بەرگری، کە هێمایەکی ناراستەوخۆیە بۆ بەرگری میللەتی کورد، کە میللەتێکی خۆڕاگرە لەبەردەم هێزی داگیرکەرە و دوژمناندا.

---

*بۆ نموونەکانی تر بروانە ئەم ژمارانە. (لاجانی، شیعری بۆ لانی شێران، ژمارە ٦، لاپەرا ٦، ساڵی ١٩٦٨) (بڵند، شیعری من دەرۆم، ژمارە ٤١ ،٤٢، ساڵی ١٩٨٦) .

**٤.١.٣. ئایدۆلۆژیا و حیزب:** یەکێکە  لە تایبەتمەندیەکانی ئەدەبییاتی شاخ، کە نوسەر و ئەدیبان زۆر جار لە بەرهەمەکانیان باسی حیزب و کەسایەتیەکانیان کردووە. لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە بە دیاردەکەوێت. لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچاودەکەوێت.

**تێکۆشەر**

گوتیان
وا گوندێک گڕی تێ بەربوو
گریانم نەهات
گوتیان منالێک
بە هێز و تەقەی دوژمن بێ سەربوو
گریانم نەهات
بەڵام کە گوتیان
زامی بارزانی لە دایک بوو
دانی پیاوەتی و تۆلە تێک چەقین
لە چاوەکانما
دوو کارێز تەقین

(پەشێو، شیعری تێکۆشەر، ژمارە ٤٣، ٤٤ لاپەرا ٧،ساڵی ١٩٨٧).

ئەم دەقە شیعرە، گوزارشت لە کەسێک دەکات، کە لە مێژووی میللەتی کورد سەرکردایەتی پێشمەرگەی کردووە، شانبەشانی پێشمەرگە لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەران وەستاوەتەوە، هەوڵی پاراستنی میللەتی کورد و خاکی کوردستانی داوە لە دەست دوژمنان، هەروەها سەرکردەی حیزبێک بووە لە باشووری کوردستان، شاعیر لەم دەقە شیعرەدا بەشێوەیەکی تایبەت کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایی کەسی و حیزبیەوە.

**سلاو له‌ یادی پارتی**

سلاو له‌ یادی پارتی پێشره‌ومان

له‌ ١٦ ی ئایار كێشای رێره‌ومان

هه‌زاران سلاو له‌ تێكۆشانی

له‌ بیست و دوو ساڵ ته‌مه‌نی ژیانی

سلاو له‌ شۆرشی ١١ ی ئه‌یلولی

له‌ ماوه‌ی حه‌وت ساڵ له‌ جوله‌ جولی

(پۆلا، له‌ شیعری سلاو له‌ یادی پارتی، ژماره‌ ٦، لاپه‌را ٨، ساڵی ١٩٦٧).

ئه‌م ده‌قه‌ شیعره‌، به‌ گشتی گوزارشتێكی كه‌سی و حیزب هه‌یه‌، چونكه‌ شاعیر كه‌وتۆته‌ژێركاریگه‌ی حیزبێك، له‌به‌رهه‌مه‌كه‌یدا وه‌سفی حیز و ئایدۆلۆژیایی حیزبی ده‌كات.

**قافله‌ی كوردستان**

قافله‌ی كوردستان واكه‌وته‌ رێگا

زۆری نه‌ماوه‌ به‌ ئاوات بگا

به‌ ئاوات بگا ئه‌حه‌سێته‌وه‌

دوژمن له‌ داخا ئه‌ چزێته‌وه‌

یاخوا هه‌ر خۆشبی پارتی پێشره‌وت

له‌ سایه‌ی ئه‌و بوو گه‌لت به‌ ده‌ركه‌وت

(عه‌ونی، شیعری قافله‌ی كوردستان، ژماره‌ ١٤ لاپه‌ڕا٥، ساڵی ١٩٦٩).

له‌م ده‌قه‌ شیعره‌دا، گوزارشتكردنه‌ له‌ حیزب، نوسه‌ر باسی یه‌كێك له‌ حیزبه‌كانی باشوری كوردستان ده‌كات.

**٥.١.٣.پێشمەرگە و شەهید**: پێشمەرگە وشەیەکی کوردییە بۆ شەڕکەرە کوردەکان کە هەندێک بە شەڕکەرانی ئازادی ناویان دەبەن. "وشەکە بە مانای ئەوانەی کە مەرگی خۆیان پێش هەموو شتێک خستووە لە پێناو پاراستنی نیشتیمان، شەهید هەڵگری پەیامی مانەوە و هەرمانە بۆ نەتەوە و خاکەکەی و وانەکانی لەخۆبوردوویی و مرۆڤبوون دەڵێتەوە. شەهیدبوون واتە دەربازبوون لە بازنەی "من" و کەوتنە ناو بازنەیەکی بەرفراوانتر کە من بۆ هەمووان". (احمد، ٢٠٢٣، ل ٤٦)

لەم چەند نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچاودەکەوێت.

**پێشمەرگە**

هەڤالان ئیمرۆ شینە ماتەمە

ئاسوی بیستانە لیلە پرتەمە

شین و شەپۆرە لە کوردستانە

بۆ شەهیدەکەی رێی تێکۆشانا

دڵیان خەمگینە پێشمەرگەی کوردان

بۆ کاکە علی رۆڵەی کوردستان

بەڵام نامرێ تاکو کورد بمێنی

پشکۆی گیانەکەی هەر گڕ ئەسێنی

(باوکی کاوە، شیعری پێشمەرگە، ژمارە ٣، لاپەرە ٥، ساڵی ١٩٦٨).

هەڤاڵان هێمایەکی بۆ رێزی پێشمەرگە، ئاماژەیە بۆ یەکگرتووی، چونکە وزە و هێزی گەڵ و ڕاپەرینەکانن، هەڵگری سیفەتی قارەمانێتی و گیانفیدایین، کە بەردەوام بۆ پاراستنی خاک و نەتەوە و میللەتی خۆیان دەجەنگن، تاکوو ترس لە دڵی دووژمنان دورست بکەن.

**کەوتمە ڕێگا**

کەوتومە ڕێگا لەگەڵ کاروانا

یاداشتی باوانە تێکۆشانا

...

بەسوتانم ڕێگە ڕۆشن بێ

با ئاگر بەشی ئەم لەشەی من بێ

(خالە بەربەیار، شیعری کەوتمە ڕێگا، ژمارە ٣، لاپەرا ٥، ساڵی ١٩٦٨).

کاروان، لێرەدا هێمایە بۆ پێشمەرگە، کە پێشمەرگە بەردەوام خەبات و تێکۆشان دەکەن، تاکوو ئازادی بۆ میللەتی کورد بەدەست بێنن، میللەتی کورد لە ژێر دەستەی ڕزگار بکات، سوتان هێمایە بۆ خەبات لە پێناو ڕزگاری کورد و کوردستان کە ئەمەش یەکێکە لە سیفاتەکانی پێشمەرگە.

**کاکی پێشمەرگە**

کاکی پێشمەرگە هاوبیر و خەبات

ئاڵا هەڵگری رۆژگاری وڵات

بەرەو شتی جوان بە وتەی شیرین

بە ئارام گرتن بە نەویستی ژین

(لاجانی، شیعر کاکی پێشمەرگە، ژمارە ٥، لاپەرا ٣، ساڵی ١٩٦٨)

پێشمەرگە نیشانەیەکی ئاشکرایە، نیشانەیە چونکە وزە و هێزی گەل و ڕاپەرینەکانن، هەڵگری سیفەتی قارەمانێتی و گیانفیدایین، هەروەها نەویستی ژین یەکێکە لە سیفاتەکانی پێشمەرگە لە پێناو رزگاری میللەت و وەڵات گیانی خۆی بەخت دەکات، ژینی ناوێت، مردن هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لە ژێردەستەی ئازاد بێت و بەسەربەستی بژی.

**سلاو لە یادی پارتی**

سلاو لە یادی پارتی پێشرەومان

لە ١٦ ی ئایا کێشای رێرەومان

...

سلاو لە رۆڵەی شەهیدەکانی

لە گشت پێشمەرگە نەبەردەکانی

سلاو لە خوێنی ناو پەسارگانی

لە گور و خەوگەی جوانە مەرگانی

سلاو لە بنکە و بارەگانی

(پۆلا، شیعری سلاو لە یادی پارتی، ژمارە ٦، لاپەرا ٨، ساڵی ١٩٦٨).

ناو پەسارگانی، لە گور و خەوگەی جوانە مەرگانی، ئەمانە هێمان بۆ شەهید، کە شەهید هەڵگری سیفاتی قارەمانی و چاونەترسی و گیانفیدای و نەمریە، کە گیانی خۆی بەخت کردووە، لە پێناو پارستنی میللەت و نیشتیمان و کەلتور و داب و نەریتەکەی.

**پێشمەرگە**

من پێشمەرگەم

ئەو بەجەرگەم

هەرگیز لە مردن سڵ ناکەم

قۆچی قوربانی ئەم خاکەم

بۆ کوردستانی خۆشەویست

خۆشی ژیانی خۆم نەویست

بۆ نەوەی کورد بۆ وولاتم

شەهیدی رێگەی خەباتم

(فتاح عبداللە، شیعری پێشمەرگە، ژمارە ٣٩، لاپەرا ٢٢، ساڵی ١٩٨٦).

قۆچی قوربانی و رێگەی خەباتم، ئەمانە هێمان بۆ پێشمەرگە، کە پێشمەرگە مەرگی خۆی کردۆتە قەلغان بۆ پاراستنی نیشتیمان، هەوەها شەهید هێمایە بۆ گیانفیدایی، چونکە هەڵگری پەیامی مانەوە و هەرمانە بۆ نەتەوە و خاکەکەی و وانەکانی لەخۆبوردوویی و مرۆڤبوون دەڵێتەوە.

**قافلەی کوردستان**

قافلەی کوردستان واکەوتە ڕێگا

زۆری نەماوە بە ئاوات بگا

بە ئاوات بگا ئەحەسێتەوە

...

لە لای وەک بکە سێبەر و هەتاو

ئەو کوردەی ئێستا لە ناو شاخانە

پێشمەرگەی نەبەز تفەنگ شانە

(عەونی،شیعری قافلەی کوردستان، ژمارە ١٤، لاپەرا ٥، ساڵی ١٩٦٩).

لە دەقە شیعریەکانی گۆڤارەکەدا، هەندێک وشە و دەستەواژە بەکارهاتوون، کە بە شێوەی ڕەمز یاخود نیشانە دەلالەت لە پێشمەرگە و شەهید دەکەن، لەم دەقە شیعریەدا چەندین وشە بەکارهاتوون کە هێمان بۆ پێشمەرگە و شەهید، بۆ نموونە: ئەو کوردە، پێشمەگەی نەبەز، هێمان بۆ پێشمەرگە، کە پیشمەرگە بەردەوام بەرەنگاری دوژمنانی میللەتی کورد بۆتەوە، بۆ پارستنی خاک و میللەتی کورد.

---

* بۆ نموونەکانی تر بروانە ئەم ژمارانە، (لاجانی، شیعر کاکی پێشمەرگە، ژمارە ٥، لاپەرا ٣، ساڵی ١٩٦٨)، (بڵند، شیعری من دەڕۆم، ژمارە ٤١، ٤٢، ساڵی ١٩٨٦)، (هیوا دەشتی، شیعری کوردستانی ڕەنگینی من، ژمارە٣٠، لاپەرە ٧، ساڵی ١٩٨٠)، (عەونی، شیعری قافلەی کوردستان، ژمارە ١٤، لاپەرا ٥، ساڵی ١٩٦٩)، (لاجانی، شیعری بۆ لانی شێران، ژمارە ٦، لاپەرا ٤، ساڵی ١٩٦٨) .

**٦.١.٣. دایک و نیشتیمان:** نیشتمان ئەو سەرزەمینەیە کە مرۆڤ لێی لەدایک دەبێ، "ئەو خاکەیە کە بەلای ئینسانەوە پیرۆزە، ئەو وڵاتەیە کە تێیدا گەورە دەبێ. ئەو موڵکەیە کە ئیتر دانیشتووی ئەوێی. لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو جیهانە بە نیشتمان دەڵێن: دایک کەوابوو نیشتمان لەباری ڕێز و خۆشەویستی و گرینگی و جوانییەوە هاوتەرازە لەگەڵ دایک". (بەکر،٢٠١٨، ل ١١٥). لە شیعرەکانی گۆڤاری سەفین بە شێوازی جۆراوجۆر باسی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان کراوە.

لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچاودەکەوێت.

**ڕۆژی نوێ**

نەورۆز ڕۆژی نوێی کوردان

بەخێربێیتەوە یادی شەهیدان

هەی یاد کەورەوەی کردە و مێژوومان

هێناتەوە بیر کاوەی قارەمان

ئیتر سوێن دەخۆین بە تۆ و بە یەزادان

بە خاکی پاکی وەتەنی مادان

(لاجانی، شیعری ڕۆژی نوێ، ژمارە ٤، لاپەرا ٢، ساڵی ١٩٦٨).

وەتەنی مادان، واتە نیشتیمانی ئێمە، هێمایە بۆ نیشتیمان، بەهۆی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان هەوڵی پاراستنی دەدەن لە دەست زۆرداران و داگیرکەران، کاوەی هێمایە بۆ بەرگری، لێرە دا شاعیر ئەو هێمایانەی بەکارهێناوە بۆ بەگریکردن و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان.

**بۆ لانی شێران**

له ١٤ ی مانگی  نیسانی ئەم ساڵ

هێرشی هێنا میری  بەد فەساڵ

به تانک و تۆپ و هێزێکی زۆردار

بەشێوەی ناکاو هەروەکو جاندار

بۆ سەر بێستانه بۆ لانی شێران

هەروەکوو یەکی بچێ بۆ سەیران

به مێشکی پوچیان به هۆشی کەمیان

پێشمەرگە راوکەن بیکەن به گریان

هەر وەکی راوچی کەروێشک و ئاسک

بەڵام نەیزانی لەم هەردە و بانه

کەروێشک و ئاسک ناکەن هێلان

(لاجانی، شیعری بۆ لانی شێران، ژماره ٦، لاپەرا ٨، ساڵی ١٩٦٨).

لانەی شێران هێمایه بۆ کوردستان، بەهۆی سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان، پانتایەکی زۆری که شیعرەکانی شاعیرانی کورد داگیر کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو زوڵم و ستەمەی، که دوژمنانی کورد بەرامبەر میللەتی کورد ئەنجامیان داوە، لەم دەقه شیعریەش ئەو خۆشەویستییه به ڕوونی بەرچاو دەکەوێت.

**کوردستانی ڕەنگینی من**

کوردستانی ڕەنگینی من

ئەی هەوارگەی ڕەنگینی من

بە دڵ و گیان دەت پەرستم

ئەتووی هیوا و ئەوینی من

ئەی وڵاتی لەت لەت کراوم

ئەی مەڵبەندی بەش خوراوم

قوربانت دەکەم ژیانی ماوم

من کە ئێستا ئاوارەمە

بۆ رزگاریت پێشمەرگەمە

بە گڕی سوور و بیر و باوەر

دەسوتێنم قەڵای زۆری ئەو ستەمە

(هیوا دەشتی، شیعری کوردستانی ڕەنگینی من، ژمارە ٣٠، لاپەرا ٦، ساڵی ١٩٨٠).

کوردستان واتە نیشتیمان، نیشانەیەکی ئاشکرایە، کوردستان نیشتیمانی میللەتی کوردە، کە کۆمەلێک واتای جیاوازی بەرەنگارییە، وەک (هێز، بەردەوامی، لەسەر پێ وەستاو، یەکگرتوویی گەڵ، خەبات) نیشان دەدات، شاعیران بەهۆیی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان لەبەهەمەکانیان دا بە چەندین وشە و دەستەواژەی جۆراوجۆر خۆشەویستی خۆیان بۆ نیشیتیمان دەربریووە.

**من دەرۆم**

دایە گەردەنم ئازاد کە وامن دەرۆم خوێنی باوک و برای کوژراوم دەستێنم

وا من دەرۆم لە مەچەکم زنجیری دیلی و ژێر دەستی دەپسێنم

...

ئەی ئەوانەی بۆ سەربەستی لەناوچون و لە رێی ئازادی مردن

ئەی ئەوانەی بۆ رزگاری کوردستانیان پەتیان خراوەتە گەردن

(لاجانی، شیعری بۆ لانی شێران، ژمارە ٦، لاپەرا ٨، ساڵی ١٩٦٨).

دایک دەتوانین لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم وشەیە بکەین، یەکەم دەتوانین بلێن شاعیر مەبەستی لە دایک نیشتیمانە بە هۆیی خۆشەویستی بۆ خاک و وەتەن و نیشتیمانی ئەم هێمایەی بەکارهێناوە، دووەم، دەتوانین بڵین مەبەستی لە دایکی راستەقینەی خۆیەتی، کە لێرەدا دەبێت بە نیشانەیەکی ئاشکرا، دەیەوێت بەرگری لەخاک و نیشتیمانی خۆی بکات.

**٣.١.٧. هەرس و شۆڕشی نوێ**: هەرەس واتا "دارمانی چیا و قەدپاڵەکان". (فەرهەنگی خاڵ)، شۆڕشی نوێ، ڕاپەرین و تێکۆشانە بۆ دەرباز بوون لە ژێر دەسەڵاتێکی ستەم کار و زاڵم، بۆ هێنانی دەسەڵاتێکی تازە و نوێ. کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی گۆڤاری سەفین ڕەنگی داوەتەوە، بە بەکارهێنانی چەندین وشە و دەستەواژەی جیاواز، دەلالەت لە شۆڕشی نوێ.

لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچاودەکەوێت.

**تەم و تۆز نەما**

لە چاردەی تەمووز تەم و تۆز نەما

داری زۆرداری وەک گۆپاڵ چەما

داری ئازادی کەوتە گەشەدان

گوڵی سەربەستی لە بریقە و بۆندان

گەلی رەنجبەر و رەنجی خەباتی

بەرهەمی هێنا لە کات و ساتی

(لاجانی، شیعری تەم و تۆز نەما، ژمارە ٨ ، لاپەرە ٧، ساڵی ١٩٦٨).

شۆڕشی سەربازی لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، بە سەکردایەتی عەبدولکەریم قاسم لە دژی سیستەمی پاشایەتی، لە دژی مەلیک فەیسەڵی دووەمی عێراق، چاردەی تەمووز، نەمانی داری زۆرداری، چەمانەوە وەک گۆپاڵ، هێمان بۆ نەمانی دەستی سیستەمی پاشایەتی عێراق، ئازاد بوونی میللەتی کورد لە ژێر ئەم سیستەمە. شاعیر لێرە دوو دەستەواژەی بەکارهێناوە، کە سەربەیەک کۆمەڵەی واتاین، بەڵام بە شێوەی ڕەمز بۆ مەبەستێکی تر بەکاریهێناون، (داری ئازادی و گوڵی سەربەستی)، هێمان بۆ ئازاد بوونی میللەتی کورد لە ژێردەستەی و بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەرەکان.

**بەهاری زەرد**

هەمیشە دەرد دەبینم دەرد دەبینم

درۆی دوژمن دەهۆی نامەرد دەبینم

مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم

کە ڕەنگی نەو بەهاری زەرد دەبینم

بە سۆزەی با کە سکڵی دڵ گەشاوە

دەروون پر سۆز و فرمێسکم خوناوە

دەڕۆم و پۆلی شین گێڕم بە دواوە

بزەی هاتێ گوتی رووناکە ئاسۆ

(هێمن، شیعری، بەهاری زەرد، ژمارە ٣٣، لاپەرا ٨، ساڵی ١٩٨٦).

لەم دەقە شیعرە، چەندین وشە و دەستەواژە بەکارهاتوون کە ئاماژەن بۆ شۆرشی نوێ، بۆ نموونە: ڕەنگی زەرد، هێمایە بۆ سەرهەڵدانی شۆرشی نوێ دژی دەسەڵاتی داگیرکەران، کە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەکارهاتووە، هەروەها دەتوانین فرمێسک بە دوو واتا لێکبدەینەوە، یەکەم بە واتای خۆشی و شادی، دووەم بە واتایی نەخۆشی و نائومێدی، بە پێی ئەم دەقە شیعریە فرمیسک نیشانەیە بۆ خۆشی و شادی.

**٨.١.٣. داگیرکەر و وێرانکردن:** ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی شاخ لە بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعروکانی گۆڤاری سەفین ڕەنگی داوەتەوە، "داگیرکاری بە واتای دەستتێوەردانی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتێکی خاوەن دەسەڵاتە لە وڵاتێکی دیکەدا بە بەهانەی ئاوەدانی". (احمد، ٢٠٢٣، ل٤٥)

لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە ئەم تایبەتمەندیە بەرچادەکەوێت.

**وەیشومەی کوردان**

ئەرێ حوزەیران وەیشومەی کوردان

ڕۆژانی رەشی  بۆ دڵ ئازاردان

هەزاران کەست تیا گیراوە

چەند قارەمانت تیا کوژراوە

هەر لە تۆ بووە قەیرانی کوردی

تیجار دراوە بە دار و بەردی

هەزاران دایک جەرگی سوتاوە

(لاجانی، شیعری وەیشومەی کوردان، ژمارە ٧، لاپەرا ٤، ساڵی ١٩٦٨)

وەیشومە، بەواتای بەفر و باران و ڕەشەبا و سەرما دێت، هەموو ئەمانەش نیشانەن بۆ ستەم و کاولکاری و ڕامالێک  بەبێ جیاوازی، هەروەها نیشانەی ڕەشبینن بۆ میللەتی کورد، کە بەردەوام خاک و خەڵکەکەی لەلان هێزی داگیرکەرەکان توشی کاولکاری هاتووە، هەروەها ڕەش تایبەتمەندی هێمایی هەیە، کە هێمایە بۆ (خەفەت، ناوخۆشی و کوشتن، نائومێدی، شەر، بەدبەختی).

**له رۆژی ١١**

له رۆژی ١١ی ئەم مانگە دا بوو

سالی ٦١ کورد جاری دا بوو

چیتر نەژین  بە دیل و پەرستی

لەسەر خۆی لادا پەردەی ژێر دەستی

ئالای رزگاری هەڵکە بە بەرزی

گیانی بێگانە لە بەر بلەرزی

کوشک و قەلاتی هەموو زۆرداران

بێنێتە هەژان بە دەست نەداران

ئاوازی جادوو بە ساز و سەمتور

بۆی ساغ بێتەوە هەروەک سیر و تور

(لاجانی، شیعری لە رۆژی ١١، ژمارە ١٠،  لاپەرا ٤، ساڵی ١٩٦٨)

کۆشک و قەڵات، هێمان، بۆ بوونی دەسەڵاتێکی بەهێز، کە ئەم دەسەڵاتە بەکاردێت بۆ زوڵم و ستەم  و زۆرداری و داگیرکاری،  جادوو نیشانەیە یاخود رەمزە بۆ فێڵبازی، کە لەم دەقەدا نیشانەیە بۆ دوژمن و داگیرکەرەکان.

**بۆ لانی شێران**

له ١٤ ی مانگی  نیسانی ئەم سال

هێرشی هێنا میری  بەد فەسال

به تانک و تۆپ و هێزێکی زۆردار

بەشێوەی ناکاو هەروەکو جاندار

(لاجانی، شیعری بۆ لانی شێران، ژماره ٦، لاپەره ٤، ساڵی ١٩٦٨).

تانک و تۆپ هێمایەکی ئاشکرایه، نیشانەیه بۆ کاوڵکاری و وێرانکردن و زڵم و ستەم و داگیرکردن، لێرەدا به شێوەیەکی ئاشکرا هێماکان بەکار هاتوون نەک بەشێوەی ڕەمز که مەبەستێکی تر بدات به دەستەوه، بەڵکو وەکوو خۆی هێماکان باسکراون.

## بەشی چوارەم

### ١.٤.ئەنجام

١. ئەو دەقە شیعریانەی کە لە ژمارەکانی گۆڤاری سەفین بڵاوکراونەتەوە، هەر دەقە شیعرێک هەڵگری کۆمەلێک تایبەتمەندی ئەدەبی شاخن، کە کۆمەلێک وشە و دەستەواژەیان لە خۆ گرتووە، کە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەڵگری تایبەتمەندیەکی دیاریکراون، ئەم وشە و دەستەواژە جیاوازانە کە لە دەقە شیعرییەکان بەکارهاتوون، وانکردووە کە کۆمەلێک تایبەتمەندی جیاواز لە خۆبگرن، ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە شیعرییەکانی گۆڤارەی سەفین بەرچاودەکەون، بریتین: لە (نیشانە، هێما، ئایدۆلۆژیا و حیزب، ئەدەبی بەرگری، دایک و نیشتیمان، داگیرکردن و وێرانکردن، پێشمەرگە و شەهید، هەرەس و شۆرشی نوێ) هەموو ئەو تایبەتمەندیانە ئەدەبی شاخ لە دەقە شیعرییەکانی گۆڤاری سەفین بوونیان هەیە.

٢. لە دەقە ئەدەبییەکانی گۆڤارەکە، زیاتر نیشانەی ئاشکرا بە دیاردەکەون، چونکە نوسەر و ئەدیبان بە شێوەیەکی ئازادانە بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان نوسیووە، هیچ ترسێکیان لەسەر نەبووە.

## بەشی پێنجەم

## ١.٥.لیستی سەرچاوەکان:

– تەنیا، ئیسماعیل، (٢٠٢١) ڕۆلی ئەدەب لە شۆڕش و گۆرانکارییە کۆمەلایەتییەکاندا، چاپی دووەم، سلێمانی.

– حەمەد، پەخشان سابیر، (٢٠١٢) ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجیی خوارووی کوردستان، هەولێر

– پیربال، فەرهاد، (٢٠٠٥)، ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، لە بلاوکراوەکانی دەزگای کوردستان، هەولێر.

– بەکر، محمد، (٢٠١٨)، کورد و چیا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

– چیا، محمد، (٢٠٠٠)، زمانناسی، ئالیەتێک بۆ ڕاڤەکردنی واتاکان، گۆڤاری هەژان، ژمارە (٥).

– ئەحمەد، نەوزاد عەلی، (٢٠٢٣)، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنیی کوردیدا (١٩٦١. ١٩٩)، چاپی یەکەم، تاران.

– ئەحمەد، نەوزاد عەلی، (٢٠٢٣)، ئایکۆنەکانی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان دا، چاپی یەکەم، تاران.

– ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (٢٠١٣)، بەدەم ڕێگاوە گولچنین چەند لاپەڕەیەک لە مێژوویی ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨– ١٩٥٨)، کتێبی دووەم بەرگی یەکەم، سلێمانی.

– بەکر، هیمداد حوسێن، (٢٠٠٧)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، دهۆک.

– باڵەکی، یادگار ڕەسول حەمەدەمین، (٢٠٠٥)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (١٨٩٨ – ١٩٣٢)، هەولێر.

## نامەکان زانستییەکان

– حەویز، سروشت جەوهەر، (٢٠١٠) تازەکردنەوە لە شیعرەکانی ئازاد دڵزار دا، نامەی ماستەر.

– ئامێدی، عەبدوڵلا یاسین عەلی، (١٩٩٩) هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (١٩٣٩– ١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا.

– بەکر، هیمداد حوسێن، (٢٠٠٠)، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٩٤٢، ١٩٤٧)، نامەی دکتۆرا.

ژمارەکانی گۆڤارەی سەفین:

-ژمارە (٣)، دووی شوباتی ١٩٦٨

-ژمارە (٤)، دووی ئاداری ١٩٦٨

-ژمارە (٥)، دووی نیسانی ١٩٦٨

-ژمارە (٦)، دووی مایسی ١٩٦٨

-ژمارە (٧)، دووی حوزەیرانی ١٩٦٨

-ژمارە (٨)، دووی تەممۆزی ١٩٦٨

-ژمارە (٩)، دووی ئابی ١٩٦٨

-ژمارە(١٠)، دووی ئەیلوولی ١٩٦٨

-ژمارە (١٤)، سێی کانوونی دووەم ١٩٦٩

-ژمارە (٣٠)، گەلاوێژی ١٩٨٠

-ژمارە (٣١)، ئەیلوولی ١٩٨٠

-ژمارە (٣٣)، نۆزدەی شوباتی ١٩٨٦.

-ژمارە (٣٩)، ئابی ١٩٨٦

-ژمارە (٤٠)، ئەیلوولی ١٩٨٦

-ژمارە (٤٠، ٤١)، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٦

-ژمارە (٤٣، ٤٤)، کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٧